کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە



# رِقم لێتانە......

**شێرزاد عومەر/ s-h-m007@hotmail.com**

**کە قافیلەی** مۆنیکایەکانتان شەقام دادەپۆشن، کە کارەبای هەموو خەڵك جگە لە ئێوە دەبڕێت، کە غاز و نەوت جگە لە ماڵەکەی ئێوە لە هیچ ماڵی تر دەست ناکەوێت، کە قاتێکی تر ڤێلاکانتان بەرزتر دەکەنەوە، کە لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان بە نووکی مەقەسەکان پرۆژە بازرگانیەکانی خۆتان سەرفەتاح پێدەکەن، کە بە ئەمنی قەومی و ئامانجە نەتەوایەتیەکان هەڵماندەخەڵەتێنن، کە دێنەگۆ سەری زار و بنی زارتان نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی و کوردایەتییە، کە بۆ ئێوە هەموو حەرامەکان حەلاڵە و بۆ ئێمەش هەموو حەرام و حەلاڵەکان حەرام و گوناه و بقەیە، کە کوڕ و کچەکانتان بە قبوڵ خاص دەبنە میوانی ڕەزاگرانی زانکۆکان، یان لە نۆرەکانی بانزین و نەوت و دکتۆر و فەرمانگەکان و ترافیك لایت و هەموو شوێنەکان تاکە شتێك پابەندی نەبن یاسایە، کە مووچەی مانگێکتان کۆشش و بودجەی 50 ساڵی منە، کە هەر کچ و کوڕ و برازا و پورزایەکتان دەیان پارچە زەوی پێ بەخشرابێت، کە دەیان کۆمپانیا و سەدان پرۆژەی بازرگانیتان بۆخۆتان قۆرغ کردۆتەوە و چ بیانی بێ دەرەتان و بێ ڕێگە و جێگە هەیە لە شارەکەی منتان پەستاوە و منیش بێکار و بێ شوێن بم... کە پەتای هەر نەخۆشیەك بڵاودەبێتەوە.... کە تەنگەژەی هەر نەبوونیەك ڕوو لە وڵات دەکات، کە هەر باڵەخانەیەك بەرز و بەرزتر دەبێتەوە.... کە هەر شەقامێك کاول دەکەن.... کە هەر خزم و ناسیاوێکتان دادەمەزرێنن... کە ئیش و کارمان لە فەرمانگەکان دوادەخەن... کە باوەشی پڕ لە قێزەوەنتان بۆ عەرەبە ڕاکردووەکانی عێراقی داتەپیو دەکەنەوە.... کە لە ئاست هەر تۆپبارانێکی تورکیا و ئێران توك نەرم و خۆگێل دەکەن و بۆ عارەبانچی شێخەلاش قارەمان خۆتان نیشان دەدەن.... کە لە هەر کوچە و کۆڵانێك ئاپۆرای بارەگاکانتان گەڕەکەکانی داپۆشیوە... کە لە بازگەکانتان نەخوێندەوار و کۆتربازی دونیا دەکەن بە پرۆفیسۆر و پشکێنەر... کە بۆ سۆزانیەك بەدەیان دەفتەرە دۆلار دەبەخشن و بۆ کۆنە پێشمەرگەیەکی لێقەوماویش گیرفان بەتاڵ و بێ وەفان... کە بۆ هەر ئاهەنگێکتان... هەر گەشتێکتان... هەر پیاسەیەکی ئێوارانتان.... هەر دانیشتنێکی شەوانتان... هەر مۆدێل گۆڕینێکی شت و مەکەکانتان... خەرجیاتی هەر تەکەتولاتێکتان... هەر دەعوەت و دەعوەتکاریەکتان، خەرجی ساڵانەی یەك شارە.... لەو کاتانە ڕقم لێتانە... بەقەد پیس و پڵۆخی گەندەڵیەکانتان... بەقەد درۆ و بێ بەڵێنیەکانتان... بەقەد بێ هەڵوێستی و ترسنۆکیتان بەرامبەر بە دوژمن... بەقەد توندوتۆڵی و خۆخۆری بۆ گیانی یەکتِرتان...بەقەد ژمارەی فەشەلەکانتان... بەقەد ساڵانی خەبات و قوربانی و نەهامەتیەکانمان ڕقم لێتانە... تا ئەو ڕۆژەی وەك مرۆڤ دەبین بە دەوڵەت، دەبین بە خاوەن ئاڵا و خاك ڕقم لێتانە، لەپێناو خوێنی شەهیدان، قوربانی دانی ڕۆڵەکانمان، لەبەر خاتری چاوی کاڵی ئەو منداڵە کوردەی لە ئەنفالدا زیندە بەچاڵ بوو ڕقم لێتانە...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com